لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# زانستی شەرعی
# و
# ڕەوشتی هەڵگرانی

زانای پایەبەرز

عبدالعزيز بن عبد الله بن باز

ڕەحمەتی خوای لێ بێت

وەرگێڕانی

مامۆستا خليل احمد

------------------------------------------------------------------


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەرێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

*** پێشەکی وەرگێڕ :**

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ.

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران.[

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب].

**أَمَّا بَعْدُ** ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

بسم الله الرحمن الرحيم

*** پێشەکی دانەر[*] :**

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان ، درووود و سڵاو لە سەر گیانی بەندە و پێغەمبەر و هەڵبژاردە و متمانە پێکراوی خوای گەورە لەسەر نیگاکەی : پێغەمبەر و پێشەوا محمدی کوڕی عبد الله (ﷺ) وە لە سەر خێزان و هاوەڵانی ، و ئەوانەی شوێنی ڕێبازەکەی کەوتوون تا ڕۆژی دوایی.

دوای ئەوە :

بەڕاستی گوێمان لە هەندێ ئایەتی پیرۆز بوو لە لایەن قورئان خوێنەکەمانەوە کە ئامۆژگاری و یادخستنەوەی تێدایە وە ئەوەشی تێدایە کە خوای گەورە چی خۆی ویستی لێ بێ دروستی دەکات وە چیش ویستی لێ بێ هەڵیدەبژێرێ وە هەروەها خۆی زانایە بە باری بەندەکانی وە ئەوەی دەیشارنەوە و ئەوەشی ئاشکرای دەکەن وە خوای گەورە سوپاسکراوە لە دونیا و دوا ڕۆژدا وە گەڕانەوە تەنها بۆ لای ئەو دەبێت وە تەنها ئەوە بەشەو و بەڕۆژ لەبەرژەوەندی بەندەکانیدا دەبەخشێت ئەوەش لەبەر سۆز و ڕەحمی خۆیەتی گەورەیی و مەزنی بۆ خوا .

---

[*] ئەم کتێبە لە بنەوادا وتارێك (مُحاضرة) بووە کە شێخ ابن باز ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (زانکۆی ئیسلامی) لە (مەدینەی پێغەمبەری خوادا ﷺ) لە بەرواری (١٤٠٤/٣/٢٦ کۆچی)دا پێشکەشی کردووە .

کەوابوو ئێمە چەند پێویستمان بە تێڕامان هەیە لە قورئانی پیرۆز تێڕامانی کەسێك کە زانستی بوێت بەو کارەی وە کەسێك باوەڕی بەو پەڕاوە مەزنە هەبێت کە بەڕاستی وتەی خوایە دابەزێنراوە و دروست کراو نیە و سیفەتی خوایە ، لە ئەوەوە دەستپێکردووە و دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ، چەند زانایان لە پێشترن کە لە ئەم کتێبە مەزنە تێبگەن وە گرنگ و بایەخی تەاوی بدەنێ مەبەستیان زانینی خواست و مەبەستی خودا بێت وە کردەوەی پێ بکەن و کار بەم ئایەتە بکەن : ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٩ ﴾ سورەتی (ص).

وەئایەتی :﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ ٢٤ ﴾سورەتی (محمد).

وە ئایەتی : ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ ..... ﴾ سورەتی (الإسراء ٩)

وە ئایەتی : ﴿ ....قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۖ .... ﴾ سورەتی (فصلت ٤٤)

کەوابوو وەسیەتم پێش وتارەکەم : بریتیە لە بایەخدان بەم کتێبە مەزنە بایەخی تێڕامان و فامینە و زۆر خوێندنەوەی و کار کردن بە واتاکانی چونکە ئەم قورئانە دابەزێنراوە بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت نەك تەنها بۆ خوێندنەوە.

جا داوای کۆمەکی و پشتیوانی بۆ هەمووان لە خوا داواکارم ئەوجا وتارەکەم لەمشەودا داواکارم کورت بێت ئەویش وەك پێشکەشکارەکە گوتی بریتی یە لە (**زانستی شەرعی و ڕەوشتی هەڵگرانی**).

بەڕاستی لای هەموو کەس گەورەیی و پلە و پایەی زانست ڕون و ئاشکرایە ، وە بەڕێزترین شتێك کە خوازکاران بیانەوێ و بەدوایدا بگەڕێن و ئارەزوومەندان هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی بریتی‌یە لە زانستی شەرعی ، زانست بۆ زۆر شت بەکار دەهێنرێ ، بەڵام لای زانایانی ئیسلام مەبەست پێی زانستی شەرعی‌یە ، وە هەر کات لە قورئان و سوننەتدا باسی عیلم کرا مەبەست پێی ئەم زانستەیە کە بریتی‌یە لە ناسینی خوا و ناو و سیفەتەکانی ، وە شارەزابوونە بە مافەکانی خودا لەسەر بەندەکانی ، وە شارەزا بوونە بەو شەریعەتەی بۆی ناردوون ، وە شارەزابوون و ناسینەوە و فێربوونە بەو ڕێگایەی دەتگەیەنێ بە ڕەزامەندی خوا بە وردی ، وە شارەزابوونە بەو ئامانج و دەرئەنجامەیە کە بەندەکان پێی دەگەن لە ڕۆژی دواییدا .

ئەم زانستە شەرعی‌یە باشترین زانستە ، ئەمە شایستەی هەوڵ دان و پێداگری‌یە لەسەر بەدەست هێنانی چونکە بەم زانستە خودا دەناسرێ و هەر بەوەش دەپەرسترێ.

بەم زانستە ئەوەی خوای گەورە حەڵاڵی کردووە و ئەوەی حەرامی کردووە و ئەوەی ڕازی دەکات و ئەوەش کە خوای گەورە توڕە دەکات دەزانرێ ، بەم زانستە دوا ئەنجامی مرۆڤ بۆ لای خوا و کۆتایی هاتن بەم ژیانە دەزانرێ، وە بەشێك لەوانەی لەم دونیایەدا فەرمانیان پێکراوە دوا ئەنجامیان بەهەشت و بەختەوەری‌یە ، وە کەسانێکی تر کە زۆر ترن لەوانەی پێشوو دوا ئەنجامیان خانەی سەر شۆڕی و کەساسی‌یە ، بۆیە زانایان ئەم سەرنج و ئاگادارییەیان پیشان داوە ، وە ئەوەیان ڕونکردۆتەوە کە زانست لەم واتایەدا خۆی دەبینێتەوە ، لەو زانایانەی کە ئەم ڕاستییەیان گەیاندووە قازی (إبن أبي العز) کە شەرحی (الطحاوية)ی کردووە لە پێشەکی ئەو شەرحەدا وا دەفەرموێ ، وە کەسانی تریش لە زانایان جگە لەو وەك (ابن القيم) و شێخی ئیسلام (ابن تيمية) و کۆمەڵانێکی ترش لە زانایان .

ئەم ڕاستییەش زۆر ڕون و ئاشکرایە ، وە ئەم زانستەش بە پێی پەیوەندییەکانی جیاوازە ، **باشترین و گەورەترین و بەڕێزترینیان** ئەوەیە کە پەیوەندی بە خوا و ناوەکانی و سیفەتەکانیەوە هەیە کە بریتی‌یە لە زانستی بیروباوەڕ (علم العقيدة) ، چونکە خوای گەورە لە هەموو کەس و شتێك گەورەتر و مەزنترە لە زات و ناوەکانی و سیفات و کردەوەکانی .

**پاش ئەم پلەیە** ئەو زانستەیە کە پەیوەندە بە مافەکانی خوای گەورەوە لە سەر بەندەکانی و ئەوەی پەیوەندە بە حوکمە شەرعیەکانەوە ، وە ئەوەی پەیوەندە بە پاداشت و تۆڵەی کاردارەکانەوە .

**پاشان ئەو زانستەی** کە یارمەتیدەرە و گەیەنەرە بەو زانستانەی پێشوو وەکو زانستی ڕێزمانی عەرەبی و زاراوە ئیسلامیەکان لە (أصول الفقه) و (مصطلح الحديث) وە جگە لەمانە لەو زانستانەی کە پەیوەندیان بە زانستی شەرعیەوە هەیە و کۆمەککارن بۆ بەدەست هێنانی و تێگەیشتن و تەواو فێربوونی.

وە ئەم زانستانەش کە دێن هەمان حوکمیان هەیە وەك (ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ) ، (مێژووی ئیسلامی) و (ژیاننامەی ئەو کەسانەی فەرمودەیان گێڕاوەتەوە و ژیاننامەی پێشەوایانی ئیسلام) ، وە هەموو زانستێك پەیوەندی بە زانستی شەرعیەوە هەیە دەخرێتە ناو ئەم بازنەیەوە .

خوای گەورە **ڕێزی لە هەڵگرانی ئەم زانستە ناوە** و بە باشی باسی کردوون ، وە پلە و پایەیانی مەزن ڕاگرتووە ، وە کردوونی بە شایەت بۆ یەکخواپەرستی خۆی و دڵسۆزی بۆی کە فەرمویەتی : ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾[آل عمران].

واتە : خوا خۆی شایەتی داوە و دەری خستووە و سەلماندوویەتی کە بەڕاستی جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر نی‌یە کە شایەنی پەرستن بێت هەروەها

فریشتەکان و زاناکان کە بەڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە دادپەروەری ڕەهایە و جگە لەو زاتە پەرستراوێکی تر نییە شایانی پەرستن بێت و ئەو خوایەکی بالاّدەست و دانایە.

دەبینیت هەڵگرانی زانستی شەرعی لە گەڵ فریشتەکاندا دەکاتە شایەت لە سەر تاك و تەنهایی خۆی، فریشتەکان سەلامی خوایان لە سەر و خاوەن زانستە شەرعییەکان ئەمانە شایەتن لە سەر یەکخواپەرستی و دڵسۆزی بۆ خوا وە لەسەر ئەوەی کە پەروەردگاری جیهانە و پەرستراوی ڕاستەقینەیە ، وە پەرستن بۆ جگە لەو پووچ و بێ کەڵکە ، ئەمەش بەسە بۆ ڕێزی زانایان لەبەر ئەوەی کردونی بە شایەت بەسەر تاك و تەنهایی خۆی و شایستەیی بە پەرستن

وە خوای گەورە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە زانایان لەگەڵ کەسانی تردا یەکسان نین و دەفەرموێ : ﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ ﴾ [الزمر].

واتە : بڵێ ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان وە ئەوانەی کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە وەك یەکن؟ بەڕاستی تەنها خاوەن بیروهۆشەکان لەو بیرەوەریانە سود وەردەگرن و تێدەگەن.

وە فەرمویەتی : ﴿ أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩﴾ ﴾ [الرعد].

واتە : ئایا ئەو کەسەی کە دڵنیایە و دەزانێت بێگومان ئەم قورئانەی کە لە لایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە حەق و ڕاستەقینەیە وەکو ئەو کەسە وایە کە کوێرە لە ئاستیدا بەڕاستی هەر خاوەن بیروهۆشەکان لەڕاستی تێدەگەن و تێدەفکرن.

کەوابوو ئەو دوو کۆمەڵە یەکسان نین ئەو کەسانەی دەزانن حەق و ڕێنموونی بریتی‌یە لەوەی کە خوا دایبەزاندووە و هەر ئەوەشە ڕێگەی خۆشبەختی ، یەکسان نین لە گەڵ کەسانێکدا کوێرن لە ئاستی ئەم ڕێگە و زانستە و ونیان کردووە.

جیاوازی یەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا ، جیاوازی هەیە لە نێوان کەسێکدا حەقی ناسیبێ و سوودی لە ڕۆشنایی حەق وەرگرتبێ وە لەسەر ڕێنمویی و حەق ڕۆشتبێ تا دەگاتە خوا ، وە ڕێز و خۆشبەختی بەوە بەدەست هێنابێ ، لە گەڵ کەسێکدا لەم ڕێگە ونبووبێ و شوێنی ئارەزووی خۆی کەوتبێ و ڕێگەی ئارەزوو و شەیتانەکانی گرتبێتەبەر ، ئەم دوو کۆمەڵە وەك یەك نین و یەکسان نین، خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە پلە و پایەی خاوەن زانستەکان بەرز دەکاتەوە ئەمەش بە هۆی گەورەیی هەڵس و کەوتی زانایان لەگەڵ خەڵکدا و سوودیان بۆیان، زایان وتوویانە:

(ما أحسن أثرهم على الناس وما أقبح آثار الناس عليهم) واتە: چەندە هەڵس وکەوتیان جوان و چاك و بە سودە لەسەر خەڵك و چەندە هەڵسوکەوتی خەڵك لەسەریان خراپ و بێ کەڵکە.

هەوڵ و هەڵس وکەوتی زانایان بە ئاراستە کردنی خەڵك بۆ چاکە و ڕێنمونیان بۆ حەق و گەیاندنیان بە چاوڕۆشنی ئەمەش هەوڵێکی گەورەیە خوای گەورە سوپاسی کردوون و ئیماندارانیش سوپاسیان کردوون ، بە تایبەت پێغەمبەران چونکە ئەوانە بانگەوازکارن ئەوانە شارەزاترین کەسن بە خوا و شەریعەتەکەی ، وە لە دوای پێغەمبەران (عليهم السلام) باشترین کەس ئەوانەیە شوێنی پێغەمبەران (عليهم السلام) بکەون ، وە شارەزاترینیان ئەوانەن شارەزاییان زۆر تر بێت بەوەی هێناویانە ، وە کامڵ ترینیان ئەوانەن کە بانگەوازی بۆ بکەن و ئارامی لەسەر بگرن و خەڵکی لەو زانستە فێربکەن، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ ١١﴾ [المجادلة].

واتە : خوای گەروە باوەڕداران و ئەوانەتان کە زانست و زانیارییان پێدراوە پلەوپایەیان بەرزتر دەکاتەوە

وە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ ٨٣﴾ [الأنعام] .

واتە: ئەو وتووێژ و لێکۆڵینەوانە بەڵگە و نیشانەی ئێمە بوو کاتێك بەخشیمان بە ئیبراهیم لەسەر گەلەکەی و زاڵبوو بە سەریاندا جا هەر کەسێك بمانەوێت چەندەها پلەوپایەی بەرز دەکەینەوە.

وە خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە زانایان بە حەقیقەت و تەواوی لە خوا دەترسن هەر چەندە ترسان لە خوا لای هەموو موسڵمانێك هەیە بەگشتی و کەسانی تریش ، بەڵام (ترسان لە خوا) بەڕاستی و تەواوی ئەوەیە کە زانایان هەیانە لەسەری هەموویانەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ ﴿٢٨﴾﴾ [فاطر].

واتە : بەڕاستی هەر زاناکان لەناو بەندەکانی خوادا بە تەواوی دەترسن.

**زانایان** بریتین لە خواناسان و شارەزا بە ناوەکانی و سیفاتەکانی و شارەزا بە شەریعەتەکەی کە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) .

بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك هەندێ کەس ئەوەیان بە کەم زانی کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمونیان بۆ دەکات کە وتیان : ئێمە وەکو تۆ نین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ خوای گەورە لە گوناهی ڕابردو و داهاتووت خۆش بووە ئەویش فەرموی : ((أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ))[1]

---

(1)أخرجه مسلم (١١٠٨) من حديث عمر بن أبي سلمة رضي الله عنه

واتە : بزانن واش نی‌یە کە گومان دەبەن سوێند بە خوا من لە هەمووتان زیاتر لە خوا دەترسم و لە هەمووتان زیاتر خۆم لە تاوان دەپارێزم.

کەوابوو زانایان بە خوا و ئاینەکەی و ناوەکانی و سیفاتەکانی کەسانێکی لە هەموو خەڵك زیاتر لە خوا دەترسن و بەهێزترین کەسن لە هەڵگرتن و وتنی حەقدا بە پێی زانیاریان بە خوا و بە پێی پلە و پایەیان تێیدا، وە لە هەموویان پلە بەرزتر و کامڵ تر لە زانستدا پێغەمبەرانن درود و سەلامی خوایان لەسەر بێ ، چونکە پێغەمبەران (عليهم السلام) لە هەموو کەس زیاتر لە خوا دەترسن و لە هەموو کەس زیاتر خۆیان لە تاوان دەپارێزن ، وە کامڵ ترین کەس لە پێغەمبەرانیشدا لە زانست و ترس و خۆپارێزی بریتی‌یە لە پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) ، وە چەندین فەرمودە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە لە باسی گەورەیی زانستدا لەوانە فەرمودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێ : ((مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ))(2)

واتە: هەرکەسێك ڕێگەیەك لە ڕێگاکان بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی زانست خوای گەورە ڕێگەیەك لە ڕێگاکانی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات .

ئەم فەرمودەیە ئەوە پیشان دەدات کە قوتابیانی عیلم لە سەر خێرێکی گەورەن ، وە لە سەر ڕێگای خۆشبەختی و سەرفرازین کەسانێك کە نیازیان چاك

(2)أخرجه مسلم (٢٦٩٩) من حديث أبي هريرةرضي الله عنه

کردبێ و نیاز پاك بن لە بەدەست هێنانی زانستدا ، وە مەبەستیان بەو بەدەسهێنانە بۆ خوا بێت و نیاز پیس نەبن ، وە مەبەستیان بە زانست خودی زانست و کردەوە پێکردنی بێت نەك بە مەبەستی ڕووپامایی و ناوبانگ دەرکردن بێت یان بۆ چەند مەبەستێکی تر لە مەبەستەکانی دونیا ویستی ، بەڵکو دەبێت بە مەبەستی فێربوونی دینی خوا و چاوڕۆشنی بوون بێت بەوانەی خوای گەورە (واجب)ی کردووە لەسەری ، وە بۆ مەبەستی هەوڵدان بۆ دەرهێنانی خەڵکی بێت لە تاریکستانی نەفامی و دووری لە خوا بۆ نور و ڕۆشنایی خواپەرستی.

بۆ ئەوەی فێر ببێ و کاری پێ بکات و خەڵکیش فێر بکات ئەو خەسڵەتە چاکانەی موسڵمان فەرمانی پێکراوە، کەوابوو هەر ڕێگایەك دەگرێتە بەر بۆ زانستی شەرعی ئەوە ڕێگەیەکە بۆ بەهەشت، ڕێگاکانیش هەموو ڕێگایەکی جەستەیی و مەعنەوی دەگرێتەوە بۆ نمونە ڕۆشتنی دوور لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر (رِحلة) ، وە گواستنەوەی لە بازنەیەکەوە (حلقة العلم) بۆ بازنەیەکی تر و لە مزگەوتێکەوە بۆ مزگەوتێکی تر (الانتقال) بە مەبەستی زانست خوازی ئەمانە هەموو ڕێگان بۆ بەدەست هێنانی زانست ، هەروەها یادخستنەوە و لێدووان لە کتێبەکانی زانست و تیاڕوانین و خوێندنەوە و نووسین هەموو ئەمانەش ڕێگای بەدەست هێنانی زانستە.

شایان و چاك وایە بۆ قوتابی عیلم کە بایەخ و گرنگی بدات بە هەموو ڕێگاکان کە دەمان گەیەنن بە زانستی شەرعی ، وە پێداگری لەسەر هەموویان هەبێت بە نیاز پاکی و دڵسۆزی و خوا ویستی و قیامەت ویستیـیەوە ، وە مەبەستی ئەوە بێت لە ئاینەکەی شارەزا بێت ، وە مەبەستی پێی چاوڕۆشنی و ڕێنمونی بێت، بیەوێت ئەوانە بزانێت کە خوای گەورە (واجب)ی کردوون و ئەوانەش کە خوای گەورە (حەرام)ی کردوون ، بیەوێت خوا بناسێت بە بەڵگە و بە زانیاریەوە ، پاشان کردەوەی پێ بکات ، وە بیەوێت خەڵکی ڕزگار بکات ، وە بیەوێت ببێتە بانگەوازکاری ڕووناکی پشتیوان و سەرخەری حەق ، وە ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ خوای گەورە بە زانست و ڕێنموونیەوە ، ئەم جۆرە کەسە هەر چۆنێك هەڵس و کەوت بکات لەسەر خێرێکی گەورەیە کە بە نیازێکی چاکەوە بجوڵێ ، تەنانەت خەوتنیشی ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی بەهەشت ئەگەر خەوت بۆ ئەوەی بەهێز بێت بۆ بەدەست هێنانی زانست و وتنەوەی وانەکەی وەك پێویست ، یان بۆ بە هێز بوون بۆ لەبەر کردنی کتێبێك لە زانستدا ، یان بۆ ئەوەی بە هێز بێت بۆ سەفەر کردن بۆ بەدەست هێنانی زانست ، کەوابوو خەویشی پەرستنە هەڵسوکەوتەکانیشی بەم مەبەستە پەرستنە ، بە پێچەوانەی کەسێك کە نیازی خراپ بێت ئەوە لە مەترسیـیەکی گەورەدا دەژی وەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی :

((مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ لاَ يَتَعَلَّمُهُ إِلاَّ لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنَ الدُّنْيَا لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))(3)

واتە: هەر کەسێ زانستێکی شەرعی بخوێنێت بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی شتێکی کەم لە دونیا ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئەمە هەڕەشەیەکی قورس و گەورەیە لە کەسێکدا نیازی پیسی هەبیت .

لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە کە فەرمویەتی : ((مَنْ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ لِيُبَاهِيَ بِهِ الْعُلَمَاءَ أَوْ لِيُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءَ أَوْ لِيَصْرِفَ بِهِ وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْهِ فَهُوَ فِي النَّارِ))(4)

واتە: هەر کەسێ زانست فێر ببێ بۆ خۆ هەڵکێشان بەرامبەر زانایان یان مشت و مڕی لەگەڵ گەمژە و نەفامەکاندا یان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ئەوا ئەو کەسە لە نێو ئاگردایە .

فێربوونی زانست بە زانین و کردەوە پێکردنی بۆ خوا دەبێت ، چونکە خوای گەورە فەرمانی بەوە کردووە وە کردوویەتی بە ئامرازێك بۆ ناسینی خۆی : لەم

(3)أخرجه أبو داود (٣٦٦٤) وابن ماجه (٢٥٢) من حديث أبي هريرة ﷺ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٢٥٩).

(4)أخرجه الترمذي من حديث كعب بن مالك ﷺ (٢٦٥٤) ، وابن ماجه (٢٥٣) من حديث ابن عمر ﷺ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٣٨٢، ٦٣٨٣).

**فەرموده (صەحیح)ەدا هاتووه** : ((**أَنَّ أَوَّلَ مَنْ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ ثَلاَثَةٌ** : منهم الذي طلب العلم وقرأ القرآن لغير الله ليُقال هو عالم وليقال له : قارئ))[٥] ولا حول ولا قوة إلا بالله.

**واته: یەکەم کەسانێك ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش بکرێت سێ تاقمن : یەکێك لەوانە کەسێکە هەوڵی فێربوونی زانستی دابێت بۆ غەیری خوا و کەسێك قورئانی خوێندبێت بۆ غەیری خوا بۆ ئەوەی پێی بڵێن زانایە و پێی بڵێن قورئان خوێنە.**

**کەوابوو ئەی بەندەی خوا ئەی قوتابی زانست :**

**پێویستە لەسەرت نیاز پاك بیت لە پەرستنتدا و نیازت تەنها بۆ خوا بێت ، وە پێویستە چالاك و بە هەوڵ بیت لە گرتنەبەری ڕێگاکانی زانست و ئارام گربیت لەسەر ڕێگاکانی ، پاشان پێویستە کار بە داخوازییەکانی زانست بکەیت چونکە مەبەست لە فێربوونی زانست کردەوە کردنە بەو زانستە ، مەبەست تەنها ئەوە نی‌یە ببیتە زانا یان بڕوانامەیەکی بەرزت پێ بدرێت ، مەبەست بە هەموو ئەو شتانە ئەوەیە کار بە زانستەکەت بکەیت ، وە خەڵك ئاراستەی خێر و چاکە بکەیت ، وە ببیتە جێگرێك لە جێگرەکانی پێغەمبەران** (عليهم السلام) **لە بانگەواز کردن بۆ ڕێگای ڕاست .**

---

(5)أخرجه مسلم (١٩٠٥) من حديث أبي هريرةرضي الله عنه

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرمودەیەکی (صەحیح)دا دەفەرموێ : ((مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)).(6)

واتە : هەرکەسێ خوای گەورە چاکەی بۆ بوێت ئەوا لە دین شارەزای دەکات.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و چاکی زانست و نیشانەیەکە لە نیشانەکانی چاکی و خۆشبەختی و کار ئاسانی و سەرکەوتن ، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر خوای گەورە چاکەی بۆ بەندە بوێت شارەزای دەکات لە ئاینەکەی خۆی و چاوڕۆشنی دەکات بۆ ئەوەی هەق و ناهەق و ڕێنموونی و گومڕایی لە یەك جیابکاتەوە ، وە بۆ ئەوەی خوا بناسێت بە هۆی زانینی ناو و سیفاتەکانی خوا ، وە مافەکانی خوای گەورە بزانێت ، وە بۆ ئەوەی دواڕۆژ بۆ دۆستەکانی خوا و دووژمنەکانی بزانێت .

دواڕۆژ بۆ دۆستەکانی خوا بەهەشت و خۆشبەختی‌یە لە پەنای خوای بەرز و بەڕێزدا ، وە ڕوانینە بۆ خوای گەورە لە خانە و ماڵی ڕێزدا (بەهەشت) ، وە دواڕۆژیش بۆ دووژمنەکانی خوا خانەی تۆڵە و بە پەند کردن و سزا و سەرشۆڕی و دووریە لە خوا .

(6)أخرجه البخاري (٧١) ، وسلم (١٠٣٧) من حديث معاوية.رضي الله عنه

بە هۆی ئەمانەی باسمان کرد ڕێز و گەورەیی زانست دەزانین کە باشترین شتە بۆ کەسێك خوای گەورە نیازی چاك و پاك کردبێت ، چونکە بە هۆی ئەمەوە دەگەینە ناسینی گەورەترین و بەڕێزترین واجب کە بریتی‌یە لە یەکخواپەرستی و نیاز پاکی بۆ خوا ، وە بە هۆیەوە دەگەینە ناسینی داواکراوەکانی خوا (أحكام الله) و ئەوانەی خوای گەورە پێویستی کردوون ، لە ئەنجامدا زانستی شەرعی واجبێکی گەورەیە لە بەر ئەوەی کە دەمانگەیەنێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە ئەرکێکی گەورە ، بەندەکانی سەرفراز و خۆشبەخت نابن تەنها بە باوەڕبوون بە خوا نەبێت پاشان بە شارەزا بوون و دەست گرتن و بەردەوام بوون بە داواکاری و واجبانەوە نەبێت.

زانایان ئەوانەی کە زانستیان گەیاندووە و ئاشکرایان کردووە باشترین و بەڕێزترین چینی خەڵکن لەسەر زەویدا لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوایانی خەڵك (پێغەمبەران) درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت ئەوانە سەرمەشق و بناغەن لە بانگەواز و زانست و چاکەکاریدا، دوای ئەوان زانایان دێت ئەمانیش چەند پلەیەکن.

هەر کەس لە زانایان شارەزاتر بێت لە ناسینی خوا و ناسینی ناوەکانی و سیفاتەکان و لە کردەوە و بانگەوازدا تەواوتر بێت ئەوە نزیك ترین کەسە لە پێغەمبەران (عليهم السلام) پلەوپایە و شوێنیان لەبەهەشت.

زانایان پێشەوا و ڕۆشنایی و چرای ئەم سەرزەوییەن ، وە لە هەموو کەسێ لە پێشترن ، خەڵك ئاراستە دەکەن بۆ ڕێگای خۆشبەختی ، وە ڕێنمونیان دەکەن بۆ هۆکارەکانی سەرفرازی ، وە ڕابەرایەتیان دەکەن بەرەو ڕەزابوونی خوا و گەیشتن بە ڕێزی خوا لە بەهەشت و دوور کەوتنەوە لە هۆکارەکانی توڕەبوونی و سزای خوا.

زانایان میرات گرانی پێغەمبەرانن ، ئەوان پێشەوایانی خەڵکن لە دوای پێغەمبەران (علیهم السلام) ، ڕێنمویی خەڵك دەکەن ڕێیان پیشان ئەدەن بۆ لای خوا و خەڵکی فێری دینەکەیان دەکەن ، بۆیە ڕەوشتیان بەرزە و سیفاتەکانیان چاك و خوازراون ، زانایانی هەق زانایانی ڕێ ڕۆشنکار جێگرانی پێغەمبەران ئەوانەی لە خوا دەترسن و هەست بە ئاگاداری خوا دەکەن بەڕێزەوە مامەڵە لە گەڵ فەرمان و قەدەغەکانی دەکەن ، ئەمەش گەورە ڕاگرتنی خوایە .

ئەمانە ڕەوشتیان بەرزترین ڕەوشتە چونکە ڕێگەی پێغەمبەرانیان (علیهم السلام) گرتۆتەبەر لەسەر ڕێڕەو و ڕێگای ئەوان دەڕۆن لە بانگەواز کردن بۆ پەرستنی خوا بە زانستەوە ، وە لە وریاکردنەوەی خەڵکیدا لە هۆکارەکانی تووڕەبوونی ، وە خێرایی دەکەن لە بەجێهێنانی ئەوەی کە دەیزانن لە چاکە بە وتە و بە کردەوە ، وە دوور و خۆپارێزن لەوەی کە دەیزانن لە خراپە بە وتە و بە کردەوە .

ئەوانە مامۆستا و سەرمەشقن لە پاش پێغەمبەران (علیهم السلام) لە ڕەوشتە مەزنەکانیاندا و لە سیفاتە جوان و کردەوە بەرزەکانیاندا ، ئەوان دەزانن و کاردەکەن بە زانیاریەکەیان ، وە قوتابی‌یەکانیان ئاراستە دەکەن بۆ ڕەوشت بەرزی و باشترین ڕێگە .

پێشتر ئەوەمان باسکرد کە زانست بریتی‌یە لە ئەوەی کە خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویانە ، بەڵێ ئەمە زانستی شەرعی‌یە کە بریتی‌یە لە زانیاری بە کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە ئەوەی یارمەتی‌دەرە بۆ بەدەست هێنانی ئەوانە ، کەوابوو لەسەر هەڵگرانی زانست (واجب)ە کە دەست بگرن بەم ئەسڵە مەزنەوە ، وە خەڵکی بۆ بانگ بکەن ، وە قوتابی‌یەکانیانی بۆ ئاراستە بکەن ، وە ئەبێت هەموو کات ئامانجی شارەزا بوونی ئەوە بێت کە خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمویانە (ﷺ) .

وە کار بەوە بکرێت و خەڵکی بۆ ئەوە ئاراستە بکرێت و ئەوەیان پیشان بدرێت .

وە پارچە پارچە بوون و جیاوازی و بانگەواز کردن بۆ حزبی فلاَن و حزبی فیسار و بۆچوونی فلاَن و قسەی فلاَنەکەس دروست نی‌یە ، بەڵکو پێویستە بانگەواز یەك بانگەواز بێت بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، نەك بۆ لای مەزهەبی فلاَن و بانگەوازی فلاَن ،

وە نەك بۆ لای فلآنە حزب و فلآنە بۆچوون ، پێویستە لەسەر موسڵمانان یەك ڕێگەیان هەبێت وە یەك ئامانجیان هەبێت كە بریتی‌یە لە شوێنكەوتنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

بەڵآم ئەو جیاوازیەی كە ڕویداوە لە نێوان زانایانی چوار مەزهەبەكە و ئەوانی تریش ئەوا پێویستە ئەوەیان وەرگرین كە لە دروستی‌یەوە نزیكترە ، كە بریتی‌یە لەو وتەیەی وا نزیكترە لەوەی كە خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) فەرمویانە بە پێ‌ی دەق یان بە پێ‌ی ئەوەی كە یاساكانی شەریعەتی ئیسلام دەیخوازێت .

پێشەوایانی كۆششكار **(الأئمة المجتهدون)** ئامانجیان ئەوە بووە كە هەق بپێكن ، وە هەروەها پێش ئەوانیش هاوەڵآن (ڕەزای خوایان لەسەر بێت و خوا بە بەهەشت ڕازییان كات) ـ كە پێشەوایانی خەڵك بوونە لە پاش پێغەمبەرەوە (ﷺ) ـ ئەوان زاناترین كەسن بە خوای گەورە ، وە باشترین و تەواوترین كەس لە زانست و ڕەوشتدا ئەوانن لە كاتێكدا لە هەندێ مەسەلەدا جیاوازییان هەبوو لە بۆچوندا ، بەڵآم بانگەواز و ڕێڕەویان یەك بوو خەڵكیان بانگ دەكرد بۆ لای قورئان و سوننەت ، هەروەها شوێنكەوتووان (تابعین) و شوێنكەوتووی شوێن كەوتووانیش (أتباع التابعین) وەك پێشەوایان (مالك ، أبو حنیفة ، شافعي ، أحمد) ، وە پێشەوایانی (الأوزاعي ، ثوري ، ابن عیینة ، اسحاق بن راهویە) زانایانی تری موسڵمان وەك ئەمانە هەموویان بانگەوازیان یەك بوو كە بریتی‌یە لە بانگەواز كردن

بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەم زانایانە شوێنکەوتووانی خۆیانیان قەدەغە دەکرد لە لاسایی (تقليد) کردنیان ، وە هەمیشە دەیان گوت : (خذوا من أين أخذنا) واتە : زانست لەو جێگەوە وەرگرن کە ئێمە مەبەستمان بووە ـ مەبەستیان قورئان و سوننەت بووە ـ .

هەرکەس هەقی نەزانی پێویستە لەسەری پرسیار لە زانایان بکات ئەوانەی ناسراون بە زانست و کردەوەی چاك ، وە ناسراون بە بیروباوەڕی دروست و ناوبانگ و سومعەتی باش ، بۆ ئەوەی شارەزا بێت لەوەی کە نایزانێت لەگەڵ ڕێزگرتن لە زانایان و گەورەیەتیان لەبەرچاو بگرێت و دوعایان بۆ بکات کە خوای گەورە یارمەتیان بدات (هەق بپێکن) و خوای گەورە پاداشتی گەورەیان بداتەوە ، چونکە ئەوان پێشڕەون بۆ چاکە و چاکەکاری ، ئەنجا ڕێگای ڕاستیان فێری خەڵکی کردووە و ڕونکردۆتەوە و پیشانی خەڵکیان داوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت ، ئەم زانایانە (هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان لە زانایانی موسڵمان) چاکەی پێشڕەوییان هەیە ، وە چاکەی زانستەکەیان هەیە و چاکەی بانگەوازکردنیان بۆ خوا هەیە ، ئەبێت ڕێز و چاکەیان لەبەر چاو بگیرێت ، وە دوایان بۆ بکرێت بەوەی کە خوا ڕەحمیان پێبکات ، وە چاو لەوان بکرێت لە چالاك بوون بۆ فێر بوونی زانست و بانگەواز کردن بۆ خوا ، وە لە پێش خستنی ئەوەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمویانە بەسەر شتانی تردا ، وە بە ئارام و خۆڕاگر بێت لەسەر ئەوە ، وە لە دەستپێشخەری و خێرایی بووندا بۆ کردەوەی چاك ، چاویان

لێ بکرێت لەم چاکە گەورانەدا و دوایان بۆ بکرێت بەوەی کە خوا ڕەحمیان پێبکات .

بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش دروست نییە دەمارگیری و لایەن گرێتی بکرێت بۆ لای یەکێکیان ، وە بوترێت : هەر وتەی ئەوەی من شوێنی کەوتووم تەواوە و ئەوانی تر ڕا و بۆچونەکانیان تەواو نییە ، بەڵکو دەبێ بوترێت : هەموو یەکێك لە زانایان هەڵە دەکات و دەشپێکێت ، وە وتە و ڕاوبۆچونی تەواو ئەوەیە کە لەگەڵ وتەی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێك بێتەوە ئەوەی کە لە شەرعی خوادا بەڵگەی لە سەر بێت لە ڕێگەی قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایانەوە ، وە ئەگەر زانایان لە نێوان خۆیاندا جیاوازبوون ئەو کاتە پێویست (واجب)ە بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەکانی قورئان و سوننەت وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ٥٩﴾ [النساء] .

واتە : ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی تێیدا ئەوا ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

وە فەرمویەتی : ﴿وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ١٠﴾ [الشورى] .

واتە : لە هەر شتێکدا کێشە و ڕای جیاوازتان هەبوو ئەوە بڕیارەکەی بۆ خوا خۆی دەگەڕێتەوە .

زانایان لە کۆن و تازەدا وایان وتووە .

وە هیچ کاتیّ دەمارگیری بۆ (زەید) و (عەمر) دروست نیە ، وە دەمارگیری بۆ ڕاوبۆچونی فلاّن و فیسار و فلاّنە حزب و فلاّنە تەریقەت و فلاّن کۆمەڵ دروست نیە ، هەموو ئەمانە لە هەڵە تازەکانن کە زۆر کەس تێی کەوتوون.

بۆیە پێویستە موسڵمانان یەك ئامانجیان هەبێت کە بریتیە لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو بار و دۆخێکدا ، لە کاتی گرانی و نەبوونی و خۆشگوزەرانیدا ، لە کاتی تەنگانە و هەژاری و خۆشی و دەوڵەمەندیدا ، لە سەفەر و نیشتەجیّ بووندا ، لە هەموو بار و دۆخەکاندا ، وە لە کاتی جیاوازی نێوان زانایاندا سەرنجی قسەکانیان دەدرێت کامەیان لەگەڵ بەڵگەدا پێکبێت پشتگیری لەوە دەکرێت بە بیّ دەمارگیری بۆ هیچ کەسێك .

بەلاّم خەڵکی نەخوێندەوار و نەخوێندەوار ئاسا دەبێت پرسیار لە زانایان بکەن ، وە لە ناو زانایانیشدا دەبیّ بگەڕیّ بۆ ئەو زانایەی کە لە خێر و ڕاستی و دامەزراویتیەوە نزیکترە ، پرسیاری داواکراوەکانی خوای گەورەی لیّ دەکەن ئەویش بە زانستەکەی فێریان دەکات و حەقیان پیشان دەدات ، وەك چۆن لە قورئان و سوننەتدا هاتووە ، وەك زانایان لەسەری یەك دەنگن .

زاناش بە ئارام گرتن و لە خوا ترسان و هەوڵدان و جێبەجێ کردنی ئەوانەی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) پێویستیان کردووە و دوور کەوتنەوە لەوانەی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەرامیان کردووە و دەناسرێ .

زانا دەبێت وابێ ئەگەر وانەبێژ بێت یان دادوەر یان بانگەوازکار بۆ لای خوا یان لە هەر کارێکی تردا بێت ، پێویست لەسەر زانا ئەوەیە ببێت بە مامۆستا لە خێردا ، وە ئەبێ ببێ بە چاولێکراو لە گوفتار و کرداری چاکەدا ، بەو زانیاریەی هەیەتی کار بکات ، وە لە هەر کوێدا بوو لە خوا بترسێ و خۆی لە تاوان بپارێزێ ، وە خێر و چاکە پیشانی خەڵك بدات بۆ ئەوەی ببێتە ڕابەر و چاولێکراو بۆ قوتابییەکانی و خێزان و دراوسێکانی و بۆ خەڵکانی تریش لەوانەی کە دەیاناسن ، چاوبکەن لە وتە و کردەوەکانی کە بە پێی شەرعن .

وە پێویستە لەسەر قوتابی عیلم زۆر وریا بێت لە سستی لە ئەنجامدانی (واجب)ەکانی خوا و کەوتنە ناو حەرامەکانی خواوە ، چونکە لەو شتانەدا چاوی لێدەکرێت ، ئەگەر سستی کرد خەڵکیش سستی دەکەن ، هەروەها لە سوننەت و (مکروە)ەکانیشدا ، پێویستە پێداگربێت بۆ گەڕان بە دوای کردنی سوننەتدا هەرچەند (واجب)یش نین بۆ ئەوەی ببێتە خوو و لەسەری ڕابێت ، وە خەڵکیش چاوی لێ بکەن ، وە پێویستە لە (مکروە)ەکان و شتە گومان لێ کراوەکان دوور کەوێتەوە نەوەکو خەڵکی چاوی لێ بکەن .

قوتابی عیلم ڕۆڵ و شوێنی گەورەیە ، هەڵگرانی زانست پوختەن لەم بوونەوەرە ، ئەرك و پێویستی و چاودێری زۆریان لەسەرە كە لەسەر خەڵك نی‌یە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : ((كُلُّكُمْ رَاعٍ ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)) .(7)

واتە : هەمووتان چاودێرن ، وە هەمووشتان بەرپرسن لەوەی كە چاودێری دەكەن.

كەوابوو هەڵگرانی زانست چاودێر و ڕێنموویی كارن ، پێویستە لەسەریان بایەخ بەوانە بدەن كە چاودێری دەكەن ، میللەت و گەلان لە ژێر چاودێری ئەواندان بۆیە پێویستە لەسەریان بایەخیان پێ بدەن ، وە لە خوا بترسن لەبەرامبەریاندا ، وە دەستیان بگرن و ڕێنماییان بكەن بەرەو هۆكارەكانی سەرفرازی ، وە وریایان كەنەوە لە هۆكارەكانی تیاچوون ، وە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) و بەردەوام بوون لەسەر ئاینی خوایان تێدا بروێنن ، هەروەها ئارەزو و پەرۆش بوون بۆ خوا و بەهەشت و وریابوون لە چونە ناو ئاگر كە خراپترین دوا ئەنجامە پێویستە وریا بین لێی و خەڵكی لێ وریا كەینەوە .

شایستە و لە پێش ترین كەس بۆ ئەم ئەركە زانایان و قوتابیانی عیلمن ، ژیان و باروگوزەرانی ئەمانە هەمیشە وادەبێت ، ڕەوشتیان هەمیشە وادەبێت : هەوڵدان و پەلە كردنە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا و دوور كەوتنەوەیە لە

---

(7)أخرجه البخاري (٨٩٣) ، ومسلم (١٨٢٩) من حديث ابن عمر.رضي الله عنه

سەرپێچی‌یەکانی ، وە بانگەواز کردنی خەڵکە بۆ لای خوا و ڕێپیشان دانیانە بۆ گەیشتنە خوا ، وە وەستانە لە ئاست سنورەکانی خوا ، وە هەمیشە پەرێز وەرگرتنە (الأخذ بالأحوط) و دووور بوونە لە حەرام کراوەکانی خوا و (مکروه)ەکانی ، بە شێوەیەك تا برایانی موسڵمانیان چاویان لێ بکەن ، وە بۆ ئەوەی موسڵمانان لە هەرکوێدا بن کار تێکراوی ئەوان بن .

داوا دەکەم لە خوای گەورە بە وەسیلەی ناوە شیاو و پڕ ماناکانی و سیفەتە بەرزەکانی ئێمە و ئێوەش یارمەتی بدات بۆ ئەنجامدانی شتانێك کە پێی ڕازی دەبێت ، وە دڵەکانمان و کردەوەکانمان پێکەوە چاك بکات ، وە ئێمە و ئێوەش بکاتە کەسانی ڕێنمونیی کراو و ڕینمونی کار ، وە بمان کاتە کەسانی چاك و چاککار ، هەروەها داوای لێدەکەم ئاینەکەی سەرخات و وشەی (لا إله إلاّ لله) بەرزکاتەوە ، وە یارمەتی فەرمانڕەوای موسڵمانان بدات بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی ڕازی بوونی خۆیی تێدایە و خۆشی و خۆش گوزەرانی بەندەکان و وڵاتەکانی تێدایە ، وە داواکارم دەست و پێوەندی باشیان بۆ دروست بکات ، وە منەتی خۆی ببارێنێت بەسەریاندا بە حوکم کردن بە شەریعەتی خوا لە نێو بەندەکانیدا و گەڕانەوە بۆ لای شەرع و لابردنی ئەوانەی پێچەوانەی شەرعی خوان.

بەڵام زانستەکانی تر ئەوە باسێکی تریان هەیە وەکو یەکەم گرنگیان نیە :

لەو زانستانەش وەك دەرهێنانی کانزاکان و کاروباری کشتوکاڵی و جوتیاری و پیشەسازیە بەسوودەکان، لەم زانستانە ئەوەی موسڵمانان پێویستیان پێیەتی (واجب دەبێت و دەبێتە فەرزی کیفایە)، فەرمانڕەوای موسڵمانان بۆی هەیە فەرمان بکات بە بەدەستهێنانی ئەو زانستەی موسڵمانان پێویستیان پێیەتی وە یارمەتیان بدات بۆ بەدی هێنانی ، واتە فەرمان بکات بەوەی کە یارمەتیان دەدات بۆ سود گەیاندن بە موسڵمانان وە بە خۆ ئامادە کردن بەرامبەر بە دووژمنان .

وە ئەوەش بزانە کردەوەکان بە پێی نیازی بەندەی موسڵمان دەبن هەرکاتێ نیازی چاك بێ و پاك بێت بۆ خوا دەبنە پەرستن بۆ خوا ، وە هەرکاتێکیش کردەوەکانی کرد بە بێ بوونی نیەت بۆ خوا ئەوە شتێکی حەڵاڵی کردووە مەبەستم جۆرەکانی پیشەسازی دروست و دەرهێنانی کانزا و کشتوکاڵی و جووتیاری و شتی تری وەك ئەمانە .

ئەمانە هەموویان بوونیان پێویستە ، وە لەگەڵ نیەتی چاکدا دەبنە عیبادەت ، وە ئەگەر نیەتی تێدا نەبوو تەنها حەڵاڵە و پاداشت دەست کەوتنیان تێدا نیە ، وە هەندێ کات دەبنە فەرزی (کفاية) ئەو کاتەی پێویستی پێیان هەبێت ، ئەو کاتەش لەسەر سەرۆکی وڵات پێویستە ئەو کەسانەی شایستە و لێ هاتوون ناچار بکات بە ئەنجامدانی ، ئەمانەش کۆمەڵە شتێکن بایەخی خۆیان هەیە ، وە دۆخی

خۆیان هەیە کە دەیانخوازێت ، وە ئەم زانستانەش بە پێی نیەت و پێویستی جیاوازن .

بەڵام زانستی شەرعی لە هەموو کاتێکدا پێویستە ، چونکە خوای گەورە جنۆکە و مرۆڤی دروست کردووە بۆ پەرستنی خۆی ، وە بۆ ئەوەی لێی بترسن و خۆیان بپارێزن لەوەی پێچەوانەی فەرمانی ئەوە ، ڕێگەش بۆ فێربوونی خۆپاراستن تەنها بە زانستی شەرع دەبێت : زانستی قورئان و سونەت وەکو باسمان کرد .

کەوابوو پێویستە لەسەر قوتابیانی عیلم لە ئاینی ئیسلام شارەزا بن و داواکارییەکانی خوای گەروە (أحكام الله) فێر بن و چاو ڕۆشن بن پیٚی ، وە پێویستە بیروباوەڕی سەلەفـی ڕاست فێر ببن ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی هاوەڵان بە چاکە لەسەری ڕۆشتوون ، کە بریتی‌یە لە باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەرانی و ناو و سیفاتەکانی و بەڕێخستنی وەك چۆن هاتووە بەو شێوەیە کە تایبەتە بە خوای گەورەوە بە بیٚ گۆڕانکاری (تحريف) پەکسختن (تعطيل) و چۆنیەتی بۆ دانان (تكيف) وێکچواندن (تمثيل) بە بیٚ زیادکرن و نوقسانی .

بەم شێوەیە زانایان ڕاهاتوون و ڕۆشتوون لەسەر ئەو ڕێگا و ڕێبازەی کە پێغەمبەران ـ درود و سەلامی خوایان لەسەر هەموویان بێت ـ و هاوەڵان و شوێنکەوتنیان بە چاکە لەسەری ڕۆشتوون.

لە کۆتاییدا داوا لە خوای گەورە دەکەم یارمەتیتان بدات بۆ هەموو شتێك کە ڕازی بوونی خوای تێدایە ، وە بتانگێڕێتەوە بۆ شوێن و شارەکانی خۆتان ، وە لەو پەڕی کۆمەکی خوا و تەقوا و زانست و ئیماندا بن، وە بەندەکانی خۆی لەسەر دەستتان هیدایەت بدات ، وە بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکتان پێ چاك بکات ، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد عبد الله ورسوله

وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان

## لە بەرهەمەکانی وەرگێڕ

١ ـ **بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەکانی نووسینی / شێخ ابن باز** / وەرگێڕان .

٢ ـ **پلەوپایەی سوننەت لە ئیسلامدا .. وە تەنها قورئان بەس نییە نووسینی / شێخ ئەلبانی** / وەرگێڕان .

٣ ـ **کێشەی تەکفیر لە نێوان ئەهلی سوننە و تاقمە گومڕاکاندا نووسینی / سعید بن وهب القحطاني** / وەرگێڕان

٤ ـ **نەهێشتنی گومان لەسەر خوا پەرستی موسڵمانان / پێشەوا محمد عبد الوهاب** / وەرگێڕان و لەسەر نوسین .

٥ ـ **زانستی شەرعی و ڕەوشتی هەڵگرانی ، نووسینی / شێخ ابن باز**/ وەرگێڕان .

## وە چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەی تریش بن(إن شاء الله)

٦ ـ **کتێبی خوا پەرستی نووسینی / پێشەوا محمد عبد الوهاب** / وەرگێڕان.

٧ ـ **عەقیدەی واسطی ، نووسینی / شێخی ئیسلام ابن تیمیة** / وەرگێڕان و شەرح .

٨ ـ **عەقیدەی طحاویة ، نووسینی / الطحاوي** / وەرگێڕان و شەرح .

٩ ـ **الإبانة عن أصول الديانة ، نووسینی / أبو الحسن الأشعري** / وەرگێڕان .